# پیاوی سەهۆڵین

هاڕوکی مۆڕاکامی

**لە ئینگلیزییەوە: دینۆ**



١٤ی کانونی دووەم ٢٠٢٣ چیرۆک

یەکەمجار لە هۆتێلی پەناگەی خلیسکانێ بینیم، سەختە وێنای بینینی پیاوێکی سەهۆڵین بکرێت لە جێگەیەکی تر. لە هۆڵی هۆتێلەکە بوو، لە کاتێکدا جمەی دەهات لە ئاپۆڕای کۆمەڵە گەنجێک، ئەو لە گۆشەیەکی دوور لە ئاگردانەکە دانیشتبوو، بە قووڵی نغرۆی خوێندنەوە بووبوو. نزیکەی نیوەڕۆ بوو، بەڵام وا

دیار بوو تیشـــکی پاک و ســـاردی بەیانیان تەنیا لەســـەر ڕووی ئەو دەدرەوشایەوە. هاوڕێکەم چرپاندی: ئەوە پیاوی سەهۆڵینە!

لەوکاتەدا هیچ بیرۆکەیەکم دەربارەی ئەوە نەبوو کە پیاوی بەســتەڵەک دەبێت چۆن بێت، هاوڕێکەشـــم لەو بارەیەوە نەیتوانی کۆمەکیم بکات، هەموو ئەوەی دەربارەی دەیزانی ئەوە بوو کە پیاوێکە بە ناوی پیاوی ســـەهۆڵین. دواتر درێژەی پێ دا: لەوانەیە لە ســـەهۆڵ دروســـت بووبێت بۆیە وای پێ دەڵێن، بە شـــێوەیەک بوو، وەک ئەوەی لەبارەی پیاوێکی ســـەهۆڵین نەدوێت، بەڵکوو لەبارەی تارماییییەک یان پەتایەکەوە بدوێت.

پیاوی سەهۆڵین گەنج دیار بوو، هێڵی سپی وەک پاشماوەی بەفر بەدی دەکرا کە بە بەهێزی بە تاڵە مووە لوولەکانی سەریەوە بەسترابووە. باڵای بەرز بوو، چەنەگەی نووکتیژ بوو، وەک کریســـتاڵی شـــەختە. پەنجەکانی بە شـــەختە داپۆشـــرابوو وەک ئەوە بوو هەرگیز نەتوێتەوە، جگە لەم شـــتانە بەتەواوی ئاسایی دەهاتە پێشچاو. ئەو زۆر جوان نەبوو، بەڵام بەلای هەندێک کەسەوە ســـەرنجڕاکێش بوو. شـــتێک لەودا هەبوو کە دەیتوانی کونەودەرت بکات. بەتایبەتی چاوەکانی و ئەو تەماشاکردنە ڕوون و بێدەنگانەی وەک بەستەڵەکی دەمەوبەیانیانی زســتان، وەک کازیوەی بەرەبەیان لەســەر جەســتەیدا بریقەی دەدا. بۆ ســاتێک لەوێ وەســتام و تەماشــای پیاوی ســەهۆڵینم کرد لەوبەری هۆڵەکەوە لە کتێبەکەی ڕۆ چووبوو. جووڵەی لە خۆی بڕیبوو، وەک ئەوەی بیەوێت باوەڕ بە خۆی بهێنێت کە بەتەواوی تەنیایە. دوانیوەڕۆی دواتر لە هەمان جێی پێشـــووی دانیشـــتبوو، کتێبەکەی دەخوێندەوە. کاتێک ڕۆیشـــتمە نانخۆرین بۆ ئەوەی نانی نیوەڕۆ بخۆم، تەنانەت هەتا لای ئێوارێ کاتێک لەگەڵ هاوڕێیانم لە خلیسکانێی سەر بەفر گەڕامەوە، هەر لەوێ بوو، لەســەر هەمان چەرپا دانیشـــتبوو، هەمان کتێبی بە هەمان جۆر چاو پێدا دەخشـــاند. ڕۆژی دواتریش هەمان شت بوو، نزیکی نیوەڕۆ بوو لە ژوورەکەم دابەزیمە خوارەوە، بەتەنیا دانیشتبوو، بە هێمنی دەیخوێندەوە وەک ئەوە وابوو تەواوی گەردوونی دەوری بەشـــێک بن لە دیمەنێکی بەســـتوو. لە دوانیوەڕۆی چوارەم ڕۆژدا، بیانوویەکم دۆزییەوە بۆ ئەوەی خۆم لە هاوڕێیانم دابڕم و نەچم بۆ خلیسکێنە، لە جێی ئەوەدا لە هۆتێل مامەوە لە هۆڵەکەدا بە ســـەرگەردانی دەخولامەوە. هەموو چووبوونە خلیســـکانێ، هۆتێل لە شـــارێکی تەریک دەچوو، هەوایەکی چەســـپاو و جێگیری هەبوو، بەفری بنی پۆتینی ڕێبواران لە نزیک ئاگردانەکە توابووەوە و بۆنێکی نامۆ و وەڕەســـکەری دروســـت کردبوو. لە نزیک

پەنجەرەکەوە بینیم پەڕەی ڕۆژنامەیەکی هەڵدەدایەوە. ورەم دایە بەر خۆم لە پیاوی سەهۆڵین نزیک بوومەوە و قسەم لەگەڵدا کرد. من کەسێکی شەرمێونم و بەئەستەم دەتوانم سەری قسان لەگەڵ کەسانی نامۆدا بکەمەوە، بەڵام نەمدەتوانی بەر بە خۆم بگرم، دەبوو قسەم لەگەڵدا کردبایە. ئەوە کۆتا شەوی مانەوەم لەو هۆتێلەدا بوو، ئەگەر لێگەڕابام ئەو دەرفەتەم لەکیس بچێت، هەرگیز بەختی ئەوەم نەدەبووەوە.

لێیم پرسی: تۆ خلیسکێنە ناکەیت؟ هەوڵم دا دەنگم ئاسایی دەربکەوێت. پیاوی سەهۆڵین بە هێواشی سەری بەرز کردەوە ڕاما وەک ئەوەی گوێی بۆ دەنگی بایەکی دوور هەڵخستووە، بە وردی لێمی ڕوانی، دواتر بەخێرایی سەری بادا و گوتی: نەخێر نایکەم. تەنیا دەخوێنمەوە و سەیری بەفر دەکەم. وشەکانی وەکوو هەوری سپی لە هەوادا پەراگەندە بووبوون. هەر وشەیەکی لە پێش چاوم شکڵی وەردەگرت و دەمبینی. ئەو بە نەرمی وردە شەختەی سەر پەنجەکانی تەکاند. نەمدەزانی بەنیازە چی تر بڵێت، وەستابووم، وەک ڕەگ لەجێی خۆم چەقیبووم و سوور بووبوومەوە. تەماشای چاوەکانمی کرد و بزەیەکی خستە سەر لێوانی، ئایا بزەی کردبوو؟ ئایا بەڕاستی خەندی بوو؟ لەوانەیە تەنیا وێناکردنێکی خۆم بووبێت! گوتی: حەز دەکەیت دانیشیت؟ دەزانم دەربارەی من کونجکاویت، با هەندێک قسان بکەین. دەزانم دەتەوێت بزانیت پیاوی سەهۆڵین چۆن پیاوێکە، دروستە؟ پێکەنی و درێژەی پێ دا: ئەوە ئاساییە، هیچ شتێک نییە لێی بترسیت، کچێ خۆ تەنیا بە قسەکردن لەگەڵمدا سەرمات نابێت!

لە گۆشەیەکی هۆڵەکەدا لەسەر قەنەفەیەک دانیشتین بە دووودڵی قسەم لەگەڵدا دەکرد و تەماشای بەفرەکەمان دەکرد، کە لە دەرەوە خولی دەخوارد. من داوای کۆکایەکی گەرمم کرد، بەڵام ئەو هیچی نەخواردەوە. ئەویش بە قەدەر من شەرمی دەکرد. لەبارەی هەندێک شتی ئاساییەوە دواین، سەرەتا لەبارەی کەش و هەواوە، دواتر لەبارەی هۆتێلەکەوە ئاخڤین. لێم پرسی: بەتەنیا هاتوویتە ئێرە؟ وەڵامی دامەوە: بەڵێ.

پرسی: حەزت لە خلیسکێنە هەیە؟

وەڵامم دایەوە: بەتەواوی نا، هەندێک لە دەستەخوشکانم منیان هێناوەتە ئێرە. من لە خلیسکێنە خراپم.

مەراقم بوو زیاتر لەبارەی پیاوی ســـەهۆڵینەوە بزانم، ئایا بەڕاســـتی لە بەفر دروســـت بووبوو؟ چی دەخوات؟ لە هاوینان لە کوێ دەژی؟ ئایا خانەوادەی هەیە؟ بەداخەوە ئەو لەبــارەی خۆیەوە نەدوا، منیش بوێری ئەوەم نەبوو لەبارەی ئەو پرسـیارانەوە لێی بپرسـم، کە لە سـەرمدا دەسـووڕانەوە، وامزانی حەز ناکات لەبارەی ئەو شتانەوە بدوێین.

لەجێی ئەوە لەبارەی منەوە قســـەی دەکرد. لەبارەی ئەوەوەی من کێم و چیم، باوەڕنەکردەیە، بەڵام ئەو هەموو شـتێکی لەبارەی منەوە دەزانی، خانەوادەکەم کێن، تەمەنم، خولیاکانم، تەندروسـتیم، ئەو قوتابخانەیەی لێی بووم، هاوڕێکانم، هەموو ئەو شـــتانەی دەزانی، تەنانەت هەندێک لەو شـــتانەی خۆشـــم بیرم نەمابوون...

من لەوە نەدەگەیشـتم، سـوور بووبوومەوە، هەسـتم دەکرد لەبەرچاوی خەڵکی ڕووتوقوت کراومەتەوە. پرسیم: تۆ چۆن ئەو هەمووە لەبارەی منەوە دەزانیت؟ تۆ پەنهانزانیت(غەیبزان)؟

وەڵامی دامەوە: نەخێر، من ناتوانم مێشک بخوێنمەوە، تەنیا کاتێک سەرنجت لێ دەدەم وەک ئەوە وایە لە قالبێک بەفری ڕوون بڕوانم و هەموو ئەو شـــتانەی تێدا ببینم و لەب ارەیانەوە بزانم.

پرسیم: دەتوانیت ئایندەشم ببینیت؟

بە نیگایەکی خاڵی وەڵامی دامەوە: نەخێر لەبارەی داهاتووەوە نازانم.

بە نەرمی ســـەری لەقاند و درێژەی پێ دا: من حەزم لە ئایندە نییە، من هیچ زانیارییەکم لەبارەی ئایندەوە نییە. بەفر هیچ ئایندەیەکی نییە، تەنیا ڕابردووی هەیە. ڕابردوویەک ڕۆیوە و بڕاوەتەوە. هەموو شـت لە دونیا بە هەمان شـێوە هەڵدەگیرێن ڕوون و دیاریکراو، بەفر دەتوانێت هەر شـتێک بەو شـێوە ڕوون و خاوێنە هەڵبگرێت، ئەوە کرۆکی ســـەهۆڵە و ئاوا ڕۆڵ دەگێڕێت. خەندەیەکم بۆ کرد و وەڵامم دایەوە: خۆشـحاڵم لەبارەی ئایندەمەوە نازانیت، ئاسـوودە بووم، کە هیچ ڕێگەیەک نییە و نامەوێت لەبارەی ئایندەمەوە بزانم.

دوای ئەوەی گەڕاینەوە تۆکیۆش چەند جارێک یەکمان بینی. لەو ماوەیەدا هیچ ژوانێکی تـایبەتیمـان نەبوو، بچین بۆ بینینی فیلم، یـان بچینە قـاوەخـانە، یـان لەدەرەوە نانێک بخۆین، ئەو زۆر بەکەمی دەیتوانی شـــت بخوات، لەجێی ئەو شـتانە کاتەکانمان لەسـەر چەرپای باخچەکان بەسـەر دەبرد، بەرانبەر یەکتری

دادەنیشــتین و قســەمان دەکرد، لەبارەی هەموو شــتێکەوە گفتوگۆمان دەکرد. پیاوی سەهۆڵین تەنانەت جارێکیش لەبارەی خۆیەوە نەدوا. ڕۆژێک لێیم پرسی: بۆچی بەم شـێوەیەی؟ بۆچی هەرگیز لەبارەی خۆتەوە قسـانم بۆ ناکەیت؟ من دەمەوێت زیاتر لەبارەی پیاوی بەســـتەڵەکەوە بزانم، بزانم لە کوێ لەدایک بوویت، چ جۆرە خانەوادەیەکت هەیە، چۆن بوویتە پیاوی سەهۆڵین؟

بۆ سـاتێک لێم ڕاما دواتر سـەری بادا، بە ئارامی و ڕژدی وەڵامی دامەوە: من وەڵامی ئەو پرسیارانە نازانم!

هەناســـەیەکی ســـپی ســـەنگینی دایەوە. درێژەی پێ دا: من ڕابردووم نییە، ڕابردووی هەموو شـــتێکی تر دەزانم و لەلای خۆم هەڵیان دەگرم، بەڵام خۆم ڕابردووم نییە، هیچ بیرۆکەیەکم لەبارەی شـــوێنی لەدایکبوونمەوە نییە، نازانم خانەوادەکەم چۆنچۆنین، ئایا من تەمەنم چەندە، یان تەنانەت تەمەنم هەیە؟ وەک پارچەیەکی بەستەڵەک بوو لە تاریکیدا. بە قووڵی هەستم بە خۆشەویستیی ئەو دەکرد. ئەویش منی خۆش دەویســـت. بووە ئێســـتام، نە ڕابردووم و نە داهاتووم. لەبەر ئەوە پیاوی ســـەهۆڵینم لەبەر ئەوەی ئێســـتا هەبوو خۆش دەویسـت، جیا لەهەر ڕابردوو و داهاتوویەک، پێم شـتێکی جوان بوو. لەبارەی هاوسـەرگیرییەوە دواین. من تازە بووبوومە بیسـت، پیاوی سـەهۆڵین یەکەمین کەس بوو بەڕاسـتی خۆشـم ویسـتبوو. ئایا خۆشـەویسـتیی ئەو لەو کاتەدا لای من مانایەکی هەبوو؟ ئەوە ڕاســـتەقینە بوو تەنانەت ئەگەر پیاوی ســـەهۆڵین بوونیشی نەبووایە.

دایکم و خوشـــکە گەورەکەم بەتەواوی دژی هـاوســـەرگیریی ئێمە بوون، دەیـانگوت: تۆ زۆر بچووکی بۆ هـاوســـەرگیری، تۆ تەنـانەت هیچ لەبـارەی ڕابردووی ئەو پیاوەوە نـازانیت، تەنـانەت نـازانیت کەی و لە کوێ هـاتووەتە دونیـا! ئێمە ئەوە چۆن بۆ خزم و دۆســـتـانمـان ڕوون بکەینەوە، گوێ بگرە، درێژەیان پێ دەدا: ئەو پیاوی ســـەهۆڵینە، چی ڕوو دەدات ئەگەر بتوێتەوە؟ پێناچێت تۆ لەوە تێبگەیت، بەڵام کاتێک مارە کرایت هەندێک بەرپرســـیاریەتیت دێتە ســـەر. پیاوی ســـەهۆڵین چۆن دەتوانێت ئەرکەکانی وەک پیاوێک بەباشـی بەجێ بهێنێت؟

ترسەکانیان بێبنەما بوو، چونکە پیاوی سەهۆڵین بەڕاستی لە سەهۆڵ دروست نەکرابوو، ئەو تەنیا وەک بەفر سـارد بوو، تەنانەت ئەگەر گەرمیش بووایەتەوە نەدەتاوایەوە. دروستە ئەو ساردبوو، بەڵام ئەو نیازی دزینی گەرمی جەستەی

ئەوانی تری نەبوو. ئێمە هاوســـــەرگیریمان کرد، هیچ کەســـێک بەو بۆنەیەوە ئـاهەنگی نەگێڕا، نە هیچ کەســـێـک، نە هـاوڕێیەک، نە خزمـانم، تەنـانەت خـانەوادەکەشـــم، دڵخۆش نەبوون بەو هـاوســـەرگیرییە. ئێمەش ئـاهەنگی هـاوســـەرگیریمـان نەگێڕا... پیـاوی ســـەهۆڵین تۆمـاری خێزانی نەبوو، بۆیە مارەکردنی دادگاشـــمان ئەنجام نەدا. هەردووکمان بەســـادەیی بڕیارمان دا هــاوســـەرگیری بکەین، کێکێکی بچووکمــان کڕی و پێکەوە خواردمــان، ئاهەنگەکەی ئەوەندە بوو. لە باڵەخانەیەکدا شـــوێنێکی بچووکمان بەکرێ گرت. پیـاوی ســـەهۆڵینیش لە کۆگـایەکی گۆشـــتی بەســـتوودا کـاری دۆزیەوە. بەڕێوەبەرەکەی زۆری بە دڵ بوو؛ چونکە ساردی بێزاری نەدەکرد، ئیشـەکانی هەرچەند ســـەخت بووایە ئەو ماندوو نەدەبوو، ئەنجامی دەدان، هەرگیزیش زۆری نەدەخوارد، بۆیە لە هاوکارانی زیاتری پێ دەدا. پێکڤە ژیانێکی هێمنمان هەبوو، هیچ کەســێک بیزاری نەدەکردین، هیچ یەکێک کیشـــەی بۆ دروســـت نەدەکردین. کـاتێک جووت دەبووین، من وێنـای تۆپەڵە بەفرێکی ڕەقم دەکرد، ئەوەندە ڕەق کە لە توانای بەسـتەڵەکێکدا بێت، گەورەترین پارچەی سـەهۆڵ لە هەموو جیهاندا، لە شـــوێنێکی دوور دوور. لەوانەیە پیاوی ســـەهۆڵین زانیبێتی ئەو پارچە بەســـتەڵەکە لە کوێیە، و چ جۆرە یادەوەرییەکی بەفری هەڵگرتووە. ســـەرەتاکان لە کاتی جووتبووندا من ســـەرم لێ دەشـێوا، بەڵام بەرەبەرە پێی ڕاهـاتم و توانیم چێژ لەو کاتانە وەرگرم کە لەنێو قۆڵەکانیدا منی دەگوشـــی. وەک هەمیشـــە و هەرگیز هیچی لەبارەی خۆیەوە نەگوت، تەنانەت لەبارەی ئەوەوە بۆچی بووەتە پیـاوی ســـەهۆڵین، منیش هەرگیز لێیم نەپرســـییەوە. بەسادەیی لە تاریکیدا یەکتریمان ڕادەمووسی و بەستەڵەکێکی مەزنمان لەنێوان خۆماندا بەش دەکرد، بەســـتەڵەکێک لە ناوجەرگەی ڕابردووی جیهانەوە، ئەوە ســـەرووتی ملیۆنان ســـاڵی ئەم زەمینە بوو ئێمە هەڵمان دەگرت و مامەڵەمان لەگەڵدا دەکرد.

ژیانی هاوســـەریمان باش بوو، یەکتریمان خۆش دویســـت. خەڵکانی تریش ئێمەیان بەتەنیا جێ هێشـتبوو. سـەرەتا خەڵکی بەلایانەوە سـەخت بوو، لەگەڵ پیاوی سـەهۆڵین هەڵکەن، بەڵام دواتر بەرەبەرە قسـەوباسـیان لەگەڵدا کردەوە. پیاوی سـەهۆڵین زۆر لەوانی تر جیاواز نەبوو، لە کۆتاییدا لەوە گەیشتن، بەڵام دەمزانی لە ناخی دڵیانەوە پەســـندیان نەکردووە، هاوســـەرگیریی منیشـــیان لەگەڵیدا پەســـند نەکردووە. ئەوان پێیـان وابوو ئێمە لێیـان جیـاوازین و ئەو کەندەڵانەی لە نێوانماندایە هەرگیز پڕ نابیتەوە.

ئێمە هەوڵمان دا مندااڵ دروســـت بکەین، بەڵام ســـەرکەوتوو نەبووین، لەوانەیە بەهۆی جیاوازیی بۆهێلی نێوان مرۆڤێک و پیاوێکی ســـەهۆڵینەوە بووبێت، کە

دروستکردنی منداڵ سەخت بوو. لەبەر ئەوەی منداڵمان نەبوو، هیچ شتێکی وا نەبوو پێیەوە بخافڵێم، کاتێکی زۆر دەستم بەتاڵ بوو، بەیانیان ناوماڵم ڕێک دەخست، بەڵام پاشان هیچ شتێک نەدەما پێیەوە بخافڵێم. هیچ هاوڕێیەکم نەمابوو قسەی لەگەڵدا بکەم، یان لەگەڵیدا بچمە دەرەوە، هیچ دراوسێیەکیشم نەدەناسی. دایک و خوشکم هێشتا لێم دەهری بوون، ڕەتیان کردەوە پێوەندییان لەگەڵمدا بەردەوام بێت، من مراوییە ناشیرینەکەی خێزانەکەمان بووم[1] ئەوەش شەرمەزاری دەکردن. هیچ کەسێکم شک نەدەبرد قسەی لەگەڵدا بکەم، تەنانەت بە تەلەفۆنیش.

کاتێک پیاوی سەهۆڵین لە کۆگاکەدا کاری دەکرد من بەتەنیا لە ماڵەوە بووم، دەمخوێندەوە و گوێم لە مۆسیقا دەگرت. بووبوومە ژنی ماڵەوە، گەنج بووم چیتر بەرگەی ئەو ژیانە ساواوەم نەدەگرت. بێزاری لە دووبارەبوونەوەی ڕۆژەکان تەنگی پێ هەڵچنیبووم. هەستم کرد هیچ نیم جگە لە سێبەری پاتەبوونەوە لەو ڕۆژە ساوانەدا. ڕۆژێک پێشنیاری گەشتی شوێنێکم بۆ هاوسەرەکەم کرد تاکوو کەمێک لەو ژیانە دووبارەیە بێینە دەرەوە.

پرسی: گەشت؟ چاوەکانی بچووک کردنەوە: بۆچی حەزت لە گەشتە؟ لەگەڵ من خۆشحاڵ نیت؟ خۆشحاڵ نیت تەنیا خۆمان دوو قۆڵی دەژین؟ وەڵامم دایەوە: نەخێر بەو شێوەیە نییە، من بەتەواوی دڵخۆشم، پێکڤە باشین، تەنیا مەبەستم ئەوە بوو کەمێک بیزارم، حەز دەکەم گەشتێک بکەین و چەند شوێنێکی تر ببینم، لەوێ هەندێک شت ببینم پێشتر نەمبینیبێت، هەندێک شتی نوێ تاقی بکەمەوە، لە مەبەستم تێدەگەیت؟ جگە لەوەش ئێمە تا ئێستا نەڕۆیشتووینە مانگی هەنگوینی. بەپێی پێویست پارەمان پەیا کردووە و تۆیش مۆڵەتی کۆکراوەت هەیە، خۆش دەبێت بۆ جارێکیش بێت گەشتێک بکەین و کاتێکی خۆش بەسەر بەرین.

پیاوی سەهۆڵین نیگایەکی قووڵ و بەستێنەری تێگرتم، کریستاڵی بەفرم لە هەوادا دەبینی.

دواتر پەنجە شەختاوییەکەی لەنێو کۆشیدا گرمۆڵە کرد و گوتی: باشە، مادام تۆ ئەوەندە حەزت لە گەشتە، ناتوانم ڕێگر بم. پێم وا نەبوو گەشتکردن هێندە

[1] لە دەقە ئینگلیزییەکە دەستەواژەی (مەڕە ڕەشەکە) بەکارهاتووە، بەڵام ئێمە لە کوردیدا (مراوییە ناشیرینەکە)مان پێ گونجاو بوو، کە هەمان مانا دەدات و لێرە هەمان مانا هەڵدەگرێت.

خۆش بێت، بەڵام مادام دڵخۆشــت دەكات ســەرچاوانم ڕێكی دەخەم. هەركوێت دەوێت دەچین، من ماوەیەكی باشـــە بە ڕژدی لەو كۆگایەدا كار دەكەم، دەبێت بۆم هەیە ماوەیەک مۆڵەت وەرگرم و ئەوە نابێتە كێشـــە، بەڵام حەزت لێیە بۆ كوێ بچیت؟

گوتم: جەمسەری باشوورت پێ چۆنە؟

من جەمســەری باشــوورم هەڵبژارد چونكە پێم وابوو پیاوی ســەهۆڵین ئەوێی پێ خۆشـە، ڕاسـتییەكەش ئەوەیە خۆشـم هەمیشـە حەزم كردووە بچم ئەوێ لە نزیكەوە ببینم، لە نزیكەوە شـــەبەنگە[2] درەوشـــاوەكانی ئاســـمانی ئەوێ و بەتریقەكان ببینم. ئەو وێنە جوانەی خۆمم دەهێنا خەیاڵ بە قەمســـەڵەیەكی فەروو لەژێر ئاسـمانی ڕووناک و درەوشـاوە و ڕەنگینی جەمسـەری باشـوور، یاری لەگەڵ بەتریقەكاندا دەكەم.

پیاوی ســـەهۆڵین بە قووڵی و بێ تروكان چاوی لە چاوم بڕی، ڕوانینەكەی وەک شـووشـەسـۆڵ نووک تیژ بە قووڵی لە مێشـكم ڕاچوو. بۆ سـاتێک بێدەنگ بوو، بیری كردەوە، دواتر گوتی: زۆرباشـە! ئەگەر تۆ بە ڕاسـتی دەتەوێت بچین بۆ جەمســـەری باشـــوور، با بچین، دڵنیایت ئەوە ئەو شـــوێنەیە دەتەوێت بۆی بچیت؟

لەرزەیەک لە دەنگیدا بوو.

سەرم لەبەرخۆم نا.

درێژەی بە قســـەكانی دا: لە ماوەی دوو هەفتەدا دەتوانم گەشــتێكی درێژ ڕێک بخەم، ئەگەر ئەوە بۆ تۆ باشـە پێویسـتە لەسـەرت لەو ماوەیەدا هەموو شـتێک ئامادە بكەیت بۆ گەشتەكەمان.

نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە، نیگا شەختاوییەكەی مێشكمی بەستابوو، نەمدەتوانی بیر بكەمەوە. چەند ڕۆژێک تێپەڕی پەشیمان بوومەوە لەوەی بیرۆكەی گەشتی جەمسەری باشوورم خستە مێشكی پیاوەكەمەوە، دڵنیا نەبووم لەبەرچی، بەڵام لەو كاتەوەی ناوی جەمسـەری باشـوورم لەلای هێنابوو ئەو گۆڕابوو، نیگاكانی تیژترن و زیاتر لەپێشـتر لە شـووشـەسـۆڵ[3] دەچوون، هەناسـەی سـپیتر بوو،

---

*Aurora:[2]
دیاردەیەكی سروشتییە لە جەمسەرەكانی زەویدا ڕوو دەدات بەهۆی هەندێک وزەی كارەبایی كۆمەڵێک ڕەنگی درەوشاوە لە ئاسماندا پەخش دەبن و دەدرەوشێنەوە.
icicle:[3]

پەنجەکانی بە شەختەی زیاتر داپۆشرابوون، بێدەنگترە لە پێشان و کەللەڕەقتریش بووبوو، هیچی دیکەیش خواردنی نەدەخوارد. ئەو شتانە منی نیگەران کردبوو. پێنج ڕۆژ پێش ئەوەی بڕۆین، بڕیارم دا هەندێک شتی پێ بڵێم. گوتم: وەرە با نەچین بۆ جەمسەری باشوور، ئەوێ زۆر ساردە و لەوانەیە بۆ ئێمە گونجاو نەبێت. لەوانەیە باشتر بێت بۆ هەندێک شوێنی دی بچین، ئەوروپا بێ ئیسپانیا بێ، هەرجێیەکی دی بێت. دەتوانین پایلا[4] بخۆین و شەراب بخۆینەوە و تەماشای شەڕەگا بکەین. هاوسەرەکەم گوێ پێم نەدا. کەمێک نیگای لە دوور بڕی. دواتر سەری بەلای مندا سووڕاند و بە قووڵی لە چاوانمی ڕوانی. نیگای زۆر قووڵ بە ناخمدا ڕۆ چوو، هەستم کرد جەستەم لە شوێنێک ون کردووە. پیاوەکەم بێهەست وەڵامی دامەوە: نەخێر! من حەزم لە ئیسپانیا نییە. بمبەخشە، بەڵام ئەوێ زۆر گەرمە و تۆزوخۆڵی زۆرە، خواردنەکانیان زۆر تیژە و من بلیتی گەشتەکەشمانم بۆ جەمسەری باشوور بڕیوە، قەمسەڵەیەکی فەروو و پۆتینێکی خووریشم بۆ کڕیویت، نابێ ئەوانە بە فیڕۆ بدەین، ئێستا ناتوانین پەشیمان ببینەوە.

ئەگەر ڕاستیت دەوێت من دەترسام، هستم دەکرد ئەگەر بچین بۆ جەمسەری باشوور لەوانەیە شتێکی خراپمان بەسەردا بێت، من هەموو شەوێ هەمان خەونی تۆقێنەرم دەبینی؛ من لە جێیەک بەڕێدا دەڕۆیشتم کە بەر دەبوومەوە ناو چاڵێکی قووڵ، هیچ کەسێک نەیدەدۆزیمەوە و منیش ڕەق دەبمووەوە و دەیبەستام، تەماشای ئاسمانم دەکرد بەئاگا دەهاتمەوە، بەڵام نەمدەتوانی یەک تۆزقاڵ بجووڵێم، ئەوە ئەو هەستە سەیرەمە، لە هەر چرکەیەک کە تێدەپەڕێت دەبم بە بەشێک لە ڕابردوو، هیچ داهاتوویەکم نییە، تەنیا ڕابردووە و لەسەریەکتری کەڵەکە بووە. هەمووان سەیری ئەوە دەکەن کە بەسەر مندا دێت، ئەوان تەماشای ڕابردوو دەکەن تەماشای خزانی زیاتر و زیاتری من دەکەن بۆ خوارەوە.

دواتر بەئاگا دەهاتمەوە و پیاوی سەهۆڵینم لە پاڵمدا دەبینی. ئەو کاتێک دەنوێت زۆر بێدەنگە، وەک شتێکی مردووی بەستوو، خۆشم دەویست. دەستم دەکرد بە گریان، فرمێسکەکانم گۆناکانی تەڕ دەکرد. ئەو بەئاگا دەهاتەوە و لە باوەشی دەگرتم. پێیم دەگوت: خەونێکی ترسناکم بینی. ئەو لە تاریکیدا سەری

شووشەسۆڵ: چلورە، گلیلە و سوولەڕمەشی پێ دەڵێن، واتە ئەو ئاوە بەستووەی لە سەقفی ئەشکەوتەکان یان خانووی ماڵەکان هاتووەتە خوارەوە و بەستوویەتی و بووەتە شەختە.

*Paella[4]
خواردنێکی ئیسپانییە لە برنج و لۆبیا و گۆشت، مریشک یان گیانەوەرە دەریاییەکان و هەندێک داودەرمانی گیایی(بەهارات) پێک دێت، لە بریانی دەچێت...

دەلەراندەوە و دەیگوت: ئەوە تەنیا خەونێکە، خەون لە ڕابردووەوە دێن نەک ئایندە، خەون ناتوانێت تۆ پێبەست بکات، تۆ دەتوانیت دەستەمۆی بکەیت.

پێم دەگوت: ڕاست دەکەیت، بەڵام من ناتوانم بە تەواوی لەوە دڵنیا بم.

نەمدەتوانی هۆکارێک بێنمەوە بۆ ڕەتکردنەوەی گەشتەکەمان، بۆیە لە کۆتاییدا بە فڕۆکەیەک بەرەو جەمسەری باشوور فڕین. فڕۆکەوانەکان و بەڕێوەبەرانی فڕۆکەکە بە درێژاییی گەشتەکە وشەیەکیان نەگوت. من کاتێک بەڕێ کەوتین هیوام دەخواست چێژ لە دیمەنەکان ببینم، بەڵام هەورێکی چڕ بوو نەمدەتوانی هیچ ببینم. زۆری نەخایاند پەنجەرەی فڕۆکەکە بە چینێکی ئەستووری بەفر داپۆشرا. بە درێژاییی ئەو ماوەیە پیاوەکەم بە هێمنی دانیشتبوو، کتێبی دەخوێندەوە. من هەستم بە هیچ وروژان و سەرگەرمییەکی ئاسایی نەکرد وەکوو چۆن ئێوە دەیکەن.

بە تەنیا هەستم بەوە دەکرد ئێمە دەمانویست یەکێک لە بڕیارەکانمان جێبەجێ بکەین.

کاتێک لەسەر پەیژەی فڕۆکەکە دابەزیم و یەکەمجار پێم لەسەر بەستەڵەکی باشوور دانا، هەستم بە پیاوەکەم کرد تەواوی جەستەی دەلەرزێت، لەگەڵ چاوتروکانی لێکدا لێکدای. دەربڕینەکانی هیچیان نەگۆڕی، جگە لە من کەسی تر تێبینیی ئەو گۆڕانانەی نەکرد. هەندێک شت لە ناوەوە بە لەرزەیان هێنابوو. لە ڕووخساریم ڕوانی، لەوێ وەستابوو، لە ئاسمانی دەڕوان، دواتر لە دەستەکانی خۆی ورد بووەوە و هەناسەیەکی درێژی دایەوە. تەماشامی دەکرد و دەخەندی. پرسی: ئێرە ئەو شوێنە بوو دەتویست بۆی بێیت؟

وەڵامم دایەوە: خۆیەتی.

دەمزانی جەمسەری باشوور شوێنێکی چۆڵە، بەڵام ئەوێ چۆڵەوانییەک بوو کە پێشتر هەرگیز وێنایم نەکردبوو. جێی ژیان نەبوو، ئەوێ تەنیا شارۆچکەیەکی بێخاسیەت بوو، هۆتێلێکی پەڕپووتی لێ بوو. ئەوێ شوێنێکی گەشتیاری نەبوو، هیچ بەتریقێکیشی لێ نەبوو، تەنانەت هیچ ئاوڕایەکی(شەبەنگی ڕەنگینی ڕووناکی)شم لەوێ نەبینی. جارجار کەسێکم ڕادەگرت و پرسیاری شوێنی بەتریقەکانم لێی دەکرد، بەڵام ئەوان تەنیا سەریان با دەدا، هیچ لە من تێنەدەگەیشتن، بۆیە وێنەی بەتریقم لەسەر پەڕەیەکدا دەکێشا و پیشانم دەدان، بەڵام هەمووجارێ هەمان وەڵامم وەردەگرتەوە، بێدەنگی و سەرجووڵاندن. زۆر هەستم بە تەنیایی دەکرد، لە دەرەوەی شارۆچکەکە هەتا چاو بڕ دەکا

هەر بەفرت دەبینی، هیچ شـــتێکی ترت نەدەبینی، نە درەختێک، نە گوڵێک، نە ڕووبارێک نە گۆمێک، لە دوورەوە خاکێکی بەستووی وێرانە دیار بوو.

لەلایەکەی ترەوە پیاوەکەم بەو هەناسـە سـپییانەی، پەنجە شـەختەگرتووانەی، ئەو ڕوانینە دوورانەی و جووتە چاوە شــووشــەســۆڵانەی، ماندوونەناســانە دەهات و دەچوو لەمســەری بۆ ئەوســەر. زۆری نەخایاند زمانی خەڵکەکە فێر بوو، لەگەڵیاندا کەوتە دوان، بەو تۆنە سەهۆڵین و قورسەیەوە چەندین کاتژمێر دەئاخاوتن.

پیاوەکەم خۆی بە هەموو کونجێکی شــوێنەکەدا دەکرد، هەندێک شــت بەلای ئەوەوە ســەرنجڕاکێش بوون. ئەوە لە ســەرەتادا بێهیوای کردم، وامدەزانی ناپاکیم لێ کراوە و جێ هێڵراوم. لە کۆتاییدا لەنێوان ئەو شــارە بێدەنگ و سەهۆڵینە بەتەواوی هێزم لێ بڕا، و بێهیوای کردم، بە جۆرێک هەست و سۆزم لەدەســت دا، ئاڕاســتەکان و کاتم ون کرد، یان ئایا من کێ بووم. بیرم نەماوە کەی ئەوە دەستی پێ کرد و کەی کۆتایی هات، بەڵام پێش ئەوەی بزانم قوفڵی کردبووم، بەتەنیا و ســڕ لەنێو زســتانێکی بێکۆتا لەو جیهانە بەســتەڵەکەدا. هەرچەندە هەموو هەستەکانیشم لەدەست دابوو، هێشتا شتێکم دەزانی ئەویش ئەوەبوو ئەو پیاوەی جەمسەری باشوور هەمان ئەو پیاوە نەبوو من دەمناسی. ناتوانم بە تەواوی بڵێم چۆنچۆنی گۆڕا، ئەو وەک هەمیشــە ژیر بوو، لەگەڵ منیشـدا میهرەبانانە دەدوا، دەشـمزانی ڕاسـتگۆیە لەگەڵمدا، بەڵام هەر هەسـتم دەکرد ئەو پیـاوە ســـەهۆڵینەی بەرەوڕووم بوو هەمـان پیـاو نەبوو، کە لە پەناگەی خلیســکێنەکە بینیبووم. بەڵام دەبوو لەگەڵ کێ دەردەدڵ بکەم؟ هەموو خەڵکی ناوچەکە زۆر ئەویان خۆش دەویســـت و لە وشـــەکانی منیش حاڵی نەدەبوون، بە هەناســەی سـپی و دەموچاوی شـەختاوییەوە؛ دەدوان، گاڵتەیان دەکرد، بەو زمانە ســـەیرەیانەوە لە ناخی دڵیانەوە گۆرانییان دەچڕی. من لە ژوورەکەمان لە هۆتێل خۆم بەند کردبوو، لە ئاسمانی خۆڵەمێشیم دەڕوانی، کە چەندین مانگ ڕوون نەدەبووەوە. کێشـــەم هەبوو لەگەڵ ڕێزمانە ئاڵۆزەکەی زمانەکەیان، بۆم دەرکەوت هەرگیز شارەزای زمانەکەیان نابم.

فرۆکەخانە هیچ فڕۆکەیەکی لێ نەمابوو. دوای ئەو فڕۆکەیەی ئێمەی گەیاندە ئەوێ هیچ نیشــتنەوەیەکی دیکەیان نەبوو. لەوکاتەدا ڕێڕەوی فڕینەکە بە چینی گەورەی بەفر داپۆشرابوو، ڕێک وەک دڵی من.

پیاوەکەم پێی گوتم: زســـتان هات، زســـتانێکی دوور و درێژمان لەپێشـــە، هیچ فڕۆکەیەک نایات، هیچ کەشـــتییەکیش، هەموو شـــتێک دەیبەســـتێت، ئەوەی لەدەستمان دێت تەنیا ئەوەیە چاوەڕێی بەهار بکەین.

سێ مانگ دوای ئەوەی گەیشتینە جەمسەری باشوور من دڵنیا بوومەوە سکم هەیە، یەک شـــتم بۆ دەرکەوت؛ ئەو منداڵەی بەنیازم بە دونیای بێنم پیاوێکی ســـەهۆڵینی بچکۆلەیە. منداڵدانم بەســـتوویەتی، چینێکی بەفر لەناوەوە لەگەڵ شـلەی منداڵدانم تێکەڵ بووە، دەتوانم لە قووڵاییی سـکمدا هەسـت بە سـاردی بکەم. هەروەها ئەوەش دەزانم؛ منداڵەکەم هەمان نیگای سەهۆڵینی باوکی هەیە، هەمان پەنجەی شـــەختەگرتوو. شـــتێکی دیش دەزانم؛ خێزانە بچووکەکەمان هەرگیز پێ لە خاکی بەستەڵەکی باشـوور نانێتە دەرەوە، تووڕەییی ترسـناک و نەمری ڕابردوو ئێمەی پەلکێش کردووە و بەنیاز نییە ڕێگامان بدات دەرچین. هیچ شـــتێک لە دڵمدا نەماوەتەوە، گەرمایەک کە ســـەردەمانێک هەمبوو، بۆ جێیەکی دوور پەراوێز خراوە، تەنانەت هەندێک جار بیرم دەچێتەوە هەرگیز گەرمـا هەبووبێـت، هەڵبەتە هێشـــتـاش دەتوانم بگریم، بەتەواوی تەنیـام، لە سـاردترین و چۆڵەوانیترین کونجی زەمین. کاتێک دەگریم، پیاوەکەم کولمەکانم ماچ باران دەکات، فرمێسـکەکانم دەبنە بەفر، کڵۆبەفرەکان ڕادەماڵێت، دەیانخاتە ســەر زمانی و دەڵێت: دەزانیت زۆرم خۆش دەوێیت؟ دڵنیام ڕاســت دەکات و پیاوی بەستەڵەک منی خۆش دەوێت، بەڵام با هەڵ دەکات و وشە بەستووەکانی زیـاتر و زیـاتر دەچنە نێو ڕابردووەوە، منیش زیـاتر گریە و نـاڵین دەکەم، فرمێسـکی سـەهۆڵین تا ئەبەد لە ژوورە بچووکەکەمان لە بەسـتەڵەکی باشـوور کەڵەکە دەبێت...

تێبینیی وەرگێڕ:

*(پیاوی ســەهۆڵین)مان بەکار هێناوە، چونکە وەرگێرە ئینگلیزییەکەش وشــەی ئایســـی بەکار هیناوە نەک ســنۆو هەروەک مانای بەفر کە لە ســـەهۆڵ جیایە ئەویان لە گازییەوە چڕ بووەتەوە و بووەتە بەفر و کەمێک نەرمە و دەنکۆڵەییە ئەوەی دیکە لە ئاوەوە بەســـتوویەتی و ڕەق بووە، وەرگێڕە ئینگلیزییەکە بە درێژاییی دەقەکە تەنیا وشـەکانی سـەهۆڵ و شـەختە و شـووشـەسـۆڵی بەکار هێناوە و هەرگیز خۆی لە بەکارهێنانی وشـــەی بەفر نەداوە بەڵام ئێمە پێمان وابووە لە هەندێک جێدا وشـــەی بەفر یان دەســـتەواژەی بەفر داپۆشـــی گوزارەیەکی گونجـاوتر و هونەریترە بۆ ئەو دیمەنەی لە خەیـاڵی خوێنەردا دەینەخشێنێت، تەنیا لەوجێیانە و بەو مەبەستانە ئەو وشانە گۆڕدراون.

*وەرگێڕانە ئینگلیزییەکە ژێرناونیشـانێکیشـی هەیە، بەناوی (پیاوەکەم پیاوێکی سـەهۆڵینە). بەڵام ئیمە لەم چیرۆکەدا لەسـەرەوە لامان بردووە چونکە پێمان وابووە ناونیشانە سەرەکییەکە خۆی لە خۆیدا هێندە هونەری و سەرنجڕاکێشە پێویستی بە ناونیشانەکەی تر نییە، بگرە لەوانەیە بۆ هەندێک خوێنەری تایبەت چێژی چیرۆکەکەش کەم بکاتەوە، بە دەرخسـتنێکی پێشـوەختی هەندێک ڕووداو...

*لەبەرئەوەی پێکهاتەی زمانی ئینگلیزی لە زمانی کوردی جیاوازە بۆیە لە زۆر جێدا هەوڵمان داوە دەقەکە بەکوردی داڕێژینەوە و گوێ نەدەین بە وەرگێڕانی وشە بە وشە، مەبەستمان دووبارە خولقاندنەوەی چیرۆکەکەبووە بە کوردی، ئەگەر لەکاتی خوێندنەوەیدا چێژی چیرۆکێکی ئەدەبی بە خوێنەران بەخشـی ئەوا ئێمە ئامانجی خۆمان پێکاوە.

**سەرچاوە:**

- Blind willow, Sleeping woman;Haruki Murakami

The Ice  Man / translated by : Philip Gabriel